ئەپیکور: کۆبوونەوەی نێوان سودانی و بایدن وادەکات دەستبکرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی تەواوی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور) لە میانەی راگەیەندراوێکدا دەڵێت، سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کۆشکی سپی، دەرفەتێکە بۆ بەرەوپێشچوون بە ئاراستەی کردنەوەی بۆری نەوتی کوردستان.

هەروەها لە راگەیەندراوەکەی ئەپیکوردا هاتووە، سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق محەممەد شیاع سوودانی بۆ کۆشکی سپی، کە لە 15ی ئەم مانگە ئەنجامی دەدات، دەرفەتێکی گرنگە بۆ کۆتاییهێنان بە چەقبەستوویی بابەتی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها ئەپیکور ئەوەشی خستووەتەڕوو، کۆمپانیا ئەندامەکانی پابەندن بە گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێشوازی لە هەر دەستپێشخەرییەك دەکەن، بۆتە هۆی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت.

دووپاتیشیکردووەتەوە، کە کۆبوونەوەی نێوان سوودانی و بایدن، وادەکات هەمووان پێکەوە دەستوبرد بکەن، بۆئەوەی کێشەکە بە ئاسانی چارەسەر بکەن و دەستبکرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی تەواوی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

ڕوونیشیکردووەتەوە، هەرچەندە لە ئۆکتۆبەری 2023 تورکیا بە فەرمی رایگەیاندووە ئامادەیە بۆ

دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە، بەڵام تا ئێستاش هەناردە راگیراوە، کە بەهۆیەوە رۆژانە بازاڕی وزەی جیهان نزیکەی 400 هەزار بەرمیل نەوت لەدەست دەدات، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە جیهان.

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە میانی راگەیەندراوەکەیدا ئاماژە بە زیانەکانی راگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت، نەبوونی رێککەوتنێك بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت، زیانی 14.5 ملیار دۆلاری بۆ داهاتی عێراق گەیاندووە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان و عێراق و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوتیش ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کارەکانیان لەدەستداوە و دەرفەتی وەبەرهێنانیش کەمبووەتەوە .

دووپاتیش دەکاتەوە، کە کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور پابەندن بە گرێبەستەکانیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چاویان لە رێککەوتنێکی هاوبەشە ببێتە هۆی دەستپێکردنەوەی دەستبەجێی هەناردەی نەوت لە رێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە.